## دەفتەری یادگار

مەرگ ناتوانێ بەرهەمی مەعنەوەی و ئینسانی ئینسانێک لە ناو بەرێت، بیر و هزری ئینسانی لە ناو ناچێت، هونەر، فەرهەنگ لە گەڵ مرۆڤ دەمێنێتەوە، بەڵام مرۆڤ وەک تاک دەمرێ و لە بیریش دەچێتەوە. بۆ ئەوەی هونەر و فەرهەنگ و فەرهەنگسازان لە بیرنەچنەوە، میللەتانی جیهان بە شێوەگەلی جیا یادی خاوەن هونەر و بەرهەمهێنەرانی فەرهەنگی خۆیان زیندوو رادەگرن.
ئێمەش لە ماڵپەری رۆژهەلات – بۆکان بۆ ئەم مەبەستە، "دەفتەری یادگار"ی فەرهەنگسازانی نەتەوەکەمان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بن دەکەینەوە، بۆ ئەوەی هەر کەسێک هەم بیرەوەرییەکانی بێنێتە زمان و هەمێش هەست و بیر وباوەڕی خۆی سەبارەت بەو کەسە بنووسێت، یا خود هەر کەسێک بۆ مانەوەی یادگارەکان دەتوانێ تەنیا ناوی خۆی لە "دەفتەری یادگار"ی هونەرمەندان و نووسەران و فەرهەنگسازانی وڵاتەکەیدا تۆمار بکات. هەر کام لەم دەفتەرانە هەم بۆ بنەماڵەی تاکە کەسەکان و هەم بۆ سەرجەم کتێبخانەی کوردی دەبێتە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، هەمیش دەبێتە سەرچاوەیەکی دیار لە مەڕ پەیامهێنەرانی جیهانی مەعنەوی نەتەوەکەمان.

### دەفتەری یادگار

وا هەڵکەوت کە سەرەتای ئەم دەفتەرە بە یادگار و بیرەورییەکانی سەبارەت بە هێژا عومەری سوڵتانی وەفا دەست پێ بکا. تکا لە هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە بیرەوەرییان لە پێوەندی ژیان و هونەری وەفادا هەیە، بۆچوون و بیرەوەرییەکانیان بۆ ئەم ئەدرەسە redaktion@rojhalat.de بنێرن تا بڵاوی بکەینەوە.

به سپاسەوە
دەستەی بەرێوەبەری ماڵپەری رۆژهەلات– بۆکان

************************

## وەفایەک بۆ وەفا

وەفا رۆیی لە دەس یاران                    بە کوڵ دەگریم بە بێ یاران

کاک عومەر وەفا بووی، سەفا بووی، هاواڵی سێزدەبەدەری گۆمی سەرسەکۆ و باغی میرئاوام بووی.
پایز بووکی قژ زەرد، ئەی بێ وەفا کوانێ وەفا ، دوای ئەو کێ بێتە شارە جوانەکەم ، حەوزە گەورەکەم، رۆڵە جوانەمەرگەکەم بیرکاتەوە.
ئاخر ئەو شاعیر بوو کە شاعیران دەیناسن، رچەشکێنی بیری نوێ بوو کە رۆشنبیران دەیناسن، لە وانە بوو کە( نامرن وا لە دڵی میللەتا ئەژین) ,هەر ئەو بوو پەنای برد بۆ ناڵەشکێنە و وتی:

( ناڵەشکێنەی بەرزی لە مێژینە) ( تۆزی عەرزەکەی لە چاو هەڵدەسووم)
منیش دەڵێم، تۆزی گڵکۆکەی تۆ لە چاو هەڵدەسووم .
یان ئەو شێعرە بەرزەی پیرەمێردی مەزن دووپات کەینەوە کە دەڵی:
ئاسۆی ئەدەبی کوردی پڕ تەمە    سفیدەی بەیان شینە ماتەمە
دەبا ئێمەش بڵێن:
ئەوا ئەورۆکە لە ئێمە رووی دا    موکوریان غەمبار، بۆکان پر تەمە
پڕ بەو دڵە بریندار و غەریبەی خۆم هاواری پرسەی ئەو خۆشەویستەم بە خۆم و بە هەموو ئازیزانی دەگەیەنم.

هولەند  تاهیر ئیلخانی زادە
2005 / 11 /24
**************************

به ناوی کوردستانی گەورە .
ح س. سۆران .
soransa@hotmail.com

کۆچی دوایی هۆنەری ناسک خەیاڵ و وردبین ، کاک عومەر سوڵتانی { وەفا} ، بۆ کۆمەڵی فەرهەنگی کوردستانی گەورە ، بە کۆسپێکی هەرە مەزن و دڵتەزێن دەزانم و بەم بۆنەیەوە ، پرسە لە تەواوی گەلی کورد و برای خۆشەویستی ، کاک ئەنوەر سوڵتانی دەکەم .

دڵنیام،کە هۆنراوە شازەکانی کاک وەفا ، لە گەنجینەی مێژوی ویژەی کورد دا ، بەرێزەوە ، لە ریزی سەرەوە دادەنرێن .

تاران - 3ی سەرماوەزی 2705
*************************

## "ئۆغول گوێرسەن نە دۆستلارم واردی"

شەوێک پێش ئەوەی کە کاک عومەر وەفا کۆچی دوایی بکا و دۆستان و ئازیزانی بە یەکجاری بە جێ بێڵێ شێعر و نووسراوە کورتەکەی کاک ئەنوەرم سەبارەت بە کاک عومەر دەخوێندەوە کە باسی نەخۆشی و ناراحەتی کاکی کردەبوو، قەت پێم وانەبوو ئاوا زوو خەبەری تاڵی ماڵئاوایی کاک عومەر دەبیستم. سەعاتی 10 شەوی سێ شەممە لە رێگای سایتی بۆکانەوە هەواڵی کارەساتەکەم زانی .دەڵێن بیری منداڵی تیژە. من دەم و چاوی کاک عومەرم هەر ئەوجۆرە لە بیرماوە کە لە وەینەکانی سەر سایتی رۆژهەلات هاتووە. وێنەی تازەی کە دەگەڵ شێعری هاواری بێدەنگی کاک ئەنوەر بلاو بۆتەوە بۆ من غەریب و نائاشنابو. ئینسان کاتێک دوور دەکەوێتەوە , لە دونیای خەیاڵیدا هەموو شتێک وەک ئاخرین جار کە دیتویەتی دەمێنێتەوە و تێپەڕبوونی رۆژگار کار لە سەر وێنەکانی خەیاڵی ناو مێشکی ناکات. منیش وەبیر کاتی منداڵیم کەوتمەوە , ئەو کاتەی کە تەمەنم ژێر 10 ساڵ بوو. لە گەرەکی ماڵی ئاغای زیایی نزیک ماڵی محەمەدی رەمزانی، لە گەرەکی جولەکەکان کرێ نشینی کەسێک بووین کە لە ئیدارەی پۆست کاری دەکرد، بە داخەوە ناویم لە بیر نەماوە . سەری کۆلانەکە دەگەیشتەوە شەقامی سەرەکی شار کە رووبەرووی دوکانەکەی کاک عومەر بوو. دووکانێکی گەورە و پڕ لە کەرەسەی ئلەکترۆنیکی وەک یەخچاڵ و تلەویزیۆن .....!

تلەویزیۆن تازە هاتبووە بۆکان و جەماعەت باسی قوتویەکی سێحرئاویان دەکرد. سەیربوونی ئەم قوتوە زۆرتر لە داستانەکانی جانیدالێری رادیۆ دەچوو. ئەو کات بەرنامەی تلەویزیۆن دوای سەعات 4–5 ئێوارە دەستی پێدەکرت و ئێواران گۆرانی و ... پێشان دەدا. ئەو سەردەمە وەک ئێستا نەبوو کە هەر ماڵێک تلەویزیونی هەبێ . تلەویزیون بۆ زۆربەی خەڵک نە تەنیا شتێکی سەیر بوو بەڵکو شتێکی لوکس بوو کە کڕینی لە توانای هەرکەس دا نەبو. ئێواران بەر دووکانی کاک عومەر قەرەباڵغ دەبو. دەرزیت هەڵهاویشتبا نەدەگەیشتە ئەرزی. منداڵان بۆ دیتنی تەلەوزیۆن دەچوونە سەر دارەکانی هەر دوو بەری شەقامەکە و دەمەقڕەیان لێ پەیدا دەبوو. هەموو دەیان ویست تەماشای ئەو قوتوە سێحرئاویە بکەن کە کاک عومەر بەرەو خیابان لە بەر ریزی کردبوون و خەڵک تەماشایان دەکرد.لە دەستپێکدا تلەویزیونەکان تەنیا بەرفەکی رەش و سپیان نیشان دەدا ، بەڵام دوای ماوەیک کاک عومەر دەڵقێکی شینی ئاسمانی لە پێش تلویزیونەکان دادەنا و خەڵک دەیانتوانی بە رەنگی ببینن. من قەت نەمدی کە کاک عومەر لەبوونی ئەو هەموو خەڵکە لە بەر دووکانەکەی توورە وناراحەت بێ، یا تلەویزیونەکان بکوژێنێتەوە بۆ بڵاوەپێکردنی جەماعەت.

نێو دووکانەکەشی پڕ بوو لە هاوڕیانی خۆی و رۆشنبیرانی ئەو کاتی بۆکان.

من لە تەمەنێک دا نەبووم کە زۆر لە شێعر و شاعیری سەر دەربێنم بەڵام باسی کاک عۆمەرو کاک ئەنوەرم لە باوکم دەبیست کە دەیکوت دانشجووە و رەوانەی بەندیخانەی شاە کراوە. یەکەم جار کتێبی "پەرستوم" دوای شورشی ساڵی 57 لە ماڵی پوورم دیت کە کرێ نشینی دایکی کاک عۆمەر بوون. ئەگەر چاکم لە بیر مابێ سەربەرگەکەی سەوز بو. من دانیشتم و بە ئیشتیا خوێندمەوە .چاکم لە بیرە کە یەکێک لە پارچە شێعرەکانی پێشکەش بە سەعید سوڵتان پور کردبو. نازانم چی بوو بەڵام دوای ئینقلاب کاک عومەر دووکانەکەی بەستو و چوو بۆ تاران. ئێمەش رێگامان کەوتە تەورێز و دوایش من سەرم لە باکو و مینسک و بەرلین دەرهێنا. 5–6 ساڵ لەمەو بەر کە دانیشتوی شاری بەرلین بووم بیستم کە کاک عومەر میوانی کاک ئەنوەرە. کتێبێکم بە ناوی" کوردستانی ئەمرۆ "لە زمانی روسیەوە هەڵگەراندبووە سەر زمانی فارسی کە چاپ و بڵاو کرایەوە. یەک دوو کتیبم بۆ کاک ئەنوەر نارد. رۆژێک بە تەلفون قسەم لە گەڵ باوکم دەکرد، باسی کتێبەکەم بۆ کرد و پێم وت کە کاک ئەنوەریش 5 دەقیقە لە بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا باسی کردوە . وڵامی دامەوە کە لە رێگای کاک عومەرەوە باسی کتێبەکەی بۆ کاک مەحەمەدی زاوامان کردوە، ئاگاداری کتیبەکەیە. زۆر بە شانازی و غرورەوە کوتی : "ئۆغول گوێرسەن نە دوستلارم واردی!

( کوڕم دەبینی دۆستی چۆنم هەیە؟). بە راستیش باوکم رێزێکی زۆری بۆ کاک عومەر و کاک ئەنور هەبوو، بەتایبەت کاک ئەنوەری زۆرخوش دەویست .

ئێستاش نە باوکم ماوە،نە کاک عومەر و نە ئاغای پیران و نە کاک تەها تەحریریان. زۆربەی هاوتەمەنەکانی ئەوان سەردەمێک شانازی شارەکەمان بوون. وەرەن یادیان زیندوو راگرین, یادی ئەوان و ئەو کەسانەی کە وەک حەسەن قزلجی،عەلی گەلاوێژ،کاک مینە شێرخانی , تەها پارسا,ئەبوبەکری حەمیدی، جەعفەر شەفیعی، سولەیمان تیکانتەپە و زۆر کەسی تر کە مایەی سەربڵیندی و شانازی شارەکەمان و کوردستان بوون. بەڵام وەرن رێزی ئەوکەسانە کە ئیستا زیندوون و لە دەورو بەرمانن زۆرتر بگرین.

کامران ئەمین ئاوە

سەرماوەزی 2705 ئەمریکا

*************************

## ئەگەر تۆ فرمێسک بای...

وەختایەک خەبەری فەوتی کاک عومەر وەفام پێگەیی، هەموو ئەو بیرەوەریانەی لەگەڵ ئەو خۆشەویستەم هەبوو، وەک فیلم بەبەر چاومدا تێپەڕ بوون!
کاک عومەر هەڤاڵی باوکم بوو، جاروبا هاتوچۆی دووکانەکەی ئێمەی دەکرد و یا من لەگەڵ باوکم دەچووینە دووکانەکەی ئەو بەرێزە. زۆر کەس دەهاتنە دووکانەکەی ئێمە، بەڵام لە چاوی منەوە وەکوو منداڵێکی 12 ساڵان، ئەو لەگەڵ هەموو ئەوانی تر فەرقی هەبوو. چەشنی قسەکردنەکەی، ڕووخۆشیەکەی، لباس لەبەرکردنەکەی،بۆن خۆشیەکەی، هەڵس و کەوتی لەگەڵ مرۆڤ و بەتایبەت لە گەڵ منداڵێکی وەک من،تایبەتمەندی خۆی هەبوو. کاتێ لەگەڵم دەدوا خۆم بە گەورە دەزانی، کەیفم پێدەکرد. من ئەو دەم نەمدەزانی کە ئەدیب و شاعیرە،بەڵام ئەلان دەزانم بۆ لەگەڵ ئەوانی تر جیاوازی هەبوو. بریا ئەو دەم ...

**ئەگەر تۆ  لە چاوەکانمدا فرمێسک بای،**
**هیچکات نەدەگریام،**
**بۆ ئەوەی تۆ لەدەست نەدەم!**

خەسارێکی گەورە بوو، بۆ هەموو ئەدیبان و شێعردۆستان.
من لە لایەن خۆمەوە کە بەراستی ڕێزم بۆی هەبوو، سەرەخۆشی لە هەموو بنەماڵەکەی دەکەم ، بەتایبەت کاک ئەنوەری سوڵتانی.

سەرماوزی 2705    نادر فتحی ئاڵمان

*************************

## درس وفا

ای آتش افسرده ی افروختنی
ای گنج هدر گشته ی اندوختنی
ما عشق و وفا را ز تو آموخته ایم
ای زندگي و مرگ تو آموختنی

هوشنگ ابتهاج (ه.الف.سایه)

خوێنەرێکی ماڵپەری بۆکان

*************************

## ساواک

بۆکان هەرچەند شارێکی بچووک بوو بەڵام بە هۆی تایبەتمەندییەکانی کۆمەلایەتی و زمانی و فەرهەنگی و سیاسیەوە، دایم جوڵانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەدەبی تێدا بەرچاو بوە. سەردەمی منداڵی ئێمە هاوکات بوو لە گەڵ گرتنی مامۆستاکانی خوێندەگەکانمان یان لە سێدارەدانی پێشمەرگەکانی

کوردستان لە سەر قولەکەی شارەکەمان. کە گەورەتر بووین هەمان چارەنووس تووشی خۆمان و هاواڵەکانمان بو. شارەکەی ئێمە جگە لە ژاندارم و پۆلیس خاوەنی دەزگای ساواک و ئیدارەکانی نەبو. بۆ چاوترساندنی خەڵک هەموو رۆژانی پێنج شەممە کارمەندانی ساواکی مەهاباد دەخزانە دووکانەکەی عومەری سوڵتانی،ئەو دووکاندارەی کە بیری دەکردەوە کە پێوەندی لە گەڵ نووسەران و رۆشنبیرانی شار و کوردستان و ئێران هەبوو، تەنیا دووکاندارێک کە لە دووکاندار نەدەچو. ساواک بەم کارەی هەم دەیویست کاک عومەر و براکەی لای خەڵک رەش بکات و هەمیش بەمجۆرە هەڕەشەی لەو کەسانە کردبێ کە وەک ئەو دوو برایە بیر دەکەنەوە. بەڵام خەڵک کاک عومەریان دەناسی و دەیانزانی کە لەم رێگایەوە چ ئازارێک بە رۆحی ناسک و نازداری ئەو دەگەینن. رۆژانی پێنج شەممە هیچ ناسیاو و دۆستێک هاتووچۆی دوکانەکەیان نەدەکرد و ئێمەی کەم تەمەنیش هەستمان بەوە کردبوو، بە بەر دووکانەکیدا نەدەرۆیشتین. بەڵام رۆژانی تری هەفتە دووکانەکە و بەر دووکانەکەش جێ ژووانی هەموو دەبیر و موعەلمە باشەکانی بۆکان بوو، کە ئێمەیان بەرو جیهانی بیر و بیرکردنەوە و هونەر دەبرد. ئەو دووکانە لە پاڵ کتێبفرۆشیەکەی کەریم سالمی دەوری جیدیان لە ژیان چەند بەرە لە نووسەران و هونەرمەندانی شاری بۆکاندا گێرا کە هەموو منەتباری خاوەنی ئەو دوو دووکانەن.

---

## گۆرستان و پارک

کاک عومەر لە سەفەرێکی بۆ ئوروپا گەیشتە ئاڵمان و چەند سەعاتێک میوانم بوو. پاش قسە و باسی کۆن و نوێ،هەستا و چووە بەر پەنجەرەکە و کوتی "برایم با بچینە ئەو پارکەی بەرانبەر چەند وێنەیەک بگرین. چووینە خوارێ و لە شەقامەکە پەرینەوە ئەو بەر و لە دەرگای گەورەی "پارک!"کە چووینە ژوور. کاتێک چاوی بە کێلەکان کەوت،بێدەنگ مایەوە! لە ناو گوڵ وگوڵزار و گۆرەکاندا چەند وێنەیەکمان گرت!

برایم فەرشی

************************

### پرسەنامەی سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
### بە بۆنەی کۆچی دوایی، شاعیری گەلەکەمان مامۆستا عومەری سوڵتانی "وەفا"

رۆژی یەکەمی سەرماوەز، خەزانی مەرگ گوڵی ژینی شاعیری هەست ناسک و گۆڵبەدەم، پێشەنگی نوێگەری و داهێنانی شێعری، مامۆستا عومەر سوڵتانی(وەفا) هەڵوەراند. مامۆستا عومەری سوڵتانی لە کاتێکدا ماڵاوایی یەکجاری کرد کە ساڵەها بوو چاو لە رێی هەڵاتنەوەی خۆری ئازادیی لە خۆرهەڵاتەکەی و لە ئامێزگرتنەوەی ئازیزانی دوور وڵاتی بوو. کۆچی ئەو بۆ هەموو ئەوانەی خۆشیان دەویست و خۆشی دەویستن و بۆ هەموو هۆگرانی شێعر و وێژەی کوردی کۆستێکی دیکەیە.
بەمبۆنەوە داخ و کەسەر دەردەبڕم و لەگەڵ بنەماڵە و کەسوکارە بەڕێزەکەی و بەتایبەت برای خۆشەویستمان کاک ئەنوەر سوڵتانی، هاوخەمی رادەگەیەنم.

حسەین یەزدانپەنا
5/سەرماوەزی/2705
26/نوامبری/2005

************************

دەبا ئەم بێدەنگییە بەم ترپەیە بشکێ تا داگیرسێینەوە بە دەم شنەی ناڵەشکێنەوە

(...،...)

کە فووت لە مۆمی هیلاکی کرد

ئاماژە قورسەکانت دەرکەوتن،

چ چۆڵ بووم...

هاتم هەڵاڵەی خۆشەویستیت بچنم،

ڕۆیشتبووی..

ئەمێستاکە

جۆگەلە بەستووی درەختێکم

بە دەم قیژەی پەڕەسێلکە وە*

چەپکێ گوڵی سوور بە دوورەیادی **عومەری سوڵتانی وەفا** دەسپێرین.

رە حیم سورخی نوسەر

سولەیمان دلسۆز جیرۆک نووس و وەرگێڕ

وریا بوداغی شێوەکار

ئاسۆ مامزادە گرافیست

عەتا جەمالی شاعیر

ئیسمایل ئیسمایل زادە شاعیر و وەرگێڕ.

************************

## ڕووحت شاد کاکە عومەر

بە لە دە ست چوونی شاعیر وکەسایەتیی خاوە ن سۆز و هەڵوێستی شارەکەمان ،کاک عومەر سوڵتانی، **وەفا**،جەماوەری بۆکان و موکریان تازیە باربوون ویاران ودۆستانیشی بێ یارکەوتنەوە. بەم بۆنەیەوەخۆمان بە شەریکی غەمی بنەماڵە ،دۆستان ویارانی ڕەوانشاد وهەموو جەماوەری شارەکەمان بۆکان دەزانین.

هەر چەند ئەم مەرگە کۆستێکی گەورەیە کە لێمانکەوت بەڵام، لە هەمان کاتدا وەک ڕاخوشینی ئەستێرەی ئاسمانە بێ غەوشەکەی بۆکان وایەکە بە سەر ناڵشکێنەدابکەوێت وبەتەقینەوەی ڕوناکی بخاتە دڵی هەمو هەستیارانی بۆکانی وموکریان وکوردستانی یەوەو بۆ هەتاهە تایە نەکوژێتەوە.

جە عفە ر حامیدی، سوغرا حە یدە ری، دیاکۆ و میدیا حامیدی

سەرمەوەزی 2705 ی کوردی

************************

## وەفای کام سەردەم ؟ کامە وەفا؟

بۆ کاک بارام فەرشی و" ناخۆش خەوەرێ" !
پرسیبوت ئاخۆ وەفای شاعیرم لەبیرە؟
بەڵێ لەبیرمە.
بەلام نەتپرسیبوو وەفای کام سەردەم ؟ کامە وەفا؟ ئەو وەفا شاعیرەگەنجە بۆکانییە کە خەڵاتی ناسکخەیاڵیی لاوانی سەردەمی خۆی لەوڵاتی هیندی چەند سەت ملیۆنی بۆ ناردرا؟ ئەگەر ئەو وەفایەت مەبەست بێ؟ بەڵێ لەبیرمە.
زانایەک گوتی: تەمەن ئاوی چۆمە ، دێ و دەروا. بەڵێ تەمەنی لاویی وەفا و مێرمنداڵی خۆمم لەیادە. بیری منداڵیی تیژە. لە 43 ساڵ لەمەو بەرەوە بەرەو سەردەمی منداڵیی خۆم دەگەڕێمەوە. برا زیتەڵە، قسەخۆشە، خۆش مەشرەفەکەی هاوتەمەن و هاوکلاس و هاوگەڕەک و هاوڕێم بوو. ماڵەکەیان لە گەڕەکی حەمامی کۆن بەرەو ئاشی خانم لە تەنیشتی ماڵی مامۆستا شێخ حەسەنی کازمیی بوو. دوو ماڵ بە تەنیشتی یەکترەوە. یەکیان ماڵێکی گەورەی پڕ لە هەرا و هاتوچۆی ورد و درشت روگرژ، منداڵ چاو بە فرمێسک و گەورەپیاوی غەزریو و دەستوەشێن و بەسام کە من لێیان دەترسام. حەوشەکەی ئەو ماڵە چەشنی گۆرستانێک بوو بە تاتەبەردی درێژ وکانیاوێ لە ئاو و قەوزە تەژی و چەند شۆڕەبی کە قوتابییەکانی مامۆستا شێخ حەسەن کازمیی لە ئێوارانی هاوینە وەرزدا لە بنیان رۆدەنیشتن و بە دەنگی بەرز ئەلف و بێیان هاوار دەکرد. یەکەم جار لەبەر دەمی ئەو ماڵە گوێم لە وتەی پیاوێک بوو کە دەستی منداڵەکەی بەدەستەوە و بەزۆر لە دەرکەی کراوەی ماڵی مامۆستای دەپەستاوت و دەیگوت: "پێم گوتووە گۆشتەکەت هی ئەوە و ئێسکی جەندەکت هی من." کوریژگەش هاواری دەکرد:" باوکە! لێم گەڕێ با نەچم، وانەکەم نەنووسیوە ، لێیدەترسم، لێمدەدا، ناچم." ئەو کاتە، دڵم کەوتە لەرزین. زۆرجار مامۆستا لە قوتابخانەی قەلای سەردار کە لەوێ " نازم" بوو بە قامچییەکەی سەروگوێلاکی تێکدرابوومەوە... کاتێ کە باوکی کوریژگە بە تووڕەیییەوە گوتی: "بە مامۆستام گووتووە گۆشتەکەت بۆ ئەو و ئێسکەکەت بۆ منە،" دڵم داخورپا. هاواری کوریژگەکەم لەژێر قامچی مامۆستادا کە بیست، وەکو ژێی کەوان وێک هاتم و چەشنی دارێک بە پێوە رووخام. لەو رۆژەوە لەو ماڵەو لەدەرگاکەی و لە گمەگمی کۆتری سەربان و تەنانەت جریوەجریوی چۆلەکەی بن گوێسوانەی ماڵەکەی مامۆستا و لە قەلافەتی بەخۆف و زەبەلاحی دەترسام. ئێستاش کە بیر لە مامۆستا و قامچییەکەی دەکەمەوە بە خۆم نییە وەکو مەلێکی باشوو لێدراو هەراسان بۆ حەشارگەیەک دەگەڕێم خۆی تێپەستێوم.
بەلام بۆنی گوڵی یاسەمەنی ماڵەکەی تەنیشتی ماڵی مامۆستا شێخ حەسەن، خەوی پشیلە بەڵەک و بێچوەکانی لە بن سێبەری دارە یاسەمەن و لە داوێنی دوو سێ دێراو سووسەمبەر و رەشەرێحانە و زۆربڵەیی پۆلێک چۆلەکە کە خۆیان بۆشەڕە دەندووکێی پۆلێکی دیکە ئامادە دەکرد وەکو گوڵمێخ لەبەر دەمی دەرگاکە دایاندەکوتام . ئەو پاژە، ماڵی میرزا عەبدوڵلای خەیات ، میرزا عەبدوللای سوڵتانی بۆکانی بوو. دوو داری یاسەمەنی ئەو ماڵە کە سروشت پێی ئەسپاردبوون بۆنی خۆشیان بە هەوادا برەتێنن، منێ خولیای بۆنی خۆش و جیهانی سرت و خورتی پاساری و سەیری خۆشەویستیی پشیلەو بێچوەکانی و دیداری کوڕە گچکەی برادەر و هاڤاڵم لەو ماڵە ، بەرەو ئەو کۆڵانە کە سەرەرێی هەموان بۆ بازار و حەوزەگەورەبوو رکێش دەکرد.
لە نێو خەڵکدا باو بوو، منیش بیستبوم و دەگوترا: میرزا عەولای خەیات، باوی قورئان لەسنگی وەفا و ئەنوەر بە ئاوی ئەوینی نیشتمان و بۆنی گوڵە یاسەمەنی حەوشەکەی خۆی، دەستنوێژ هەڵدەگرێ.
لەساڵانی دووریی لەوڵات، لەزمانی ئەنوەری توێژەر و زانای ئەدەب و مێژوو، بیستم کە میرزا عەبدوڵڵا بە بیستنی شێعرەکەی حەیدەربابای شەهریار وەکو مەولەوی تاوەگوێزی بە خوێندنەوەی نامەی شێخەکەی جەزمە گرتوویە، فرمێسکەکانی بە گۆنایدا شۆڕ بووتەوە وبووە بە شەمێکی داگیرساو و

نەرم نەرم تۆواوەتەوە. ئەو کاتەم لەبیرە کە بە روخسارێکی مات و زەردەخەنەیەکی کاڵ و خەمێکی هەڵکورماو لە چاویدا بەلەز بە کۆڵانەکەدا بەرەو شەقام و دووکانەکەی تێدەپەڕی.
وەفای شاعیر، کاکەی ئەنوەری ئەو کات و شاعیر ونووسەر و مێژووناسی ئەمرۆ و دوو خوشکەلێی ئەو دووبرایە ، بەرهەمی ژینی ئامینەخان( ئاخر وشەی هەر دۆعا و هاوار و نیاز و پارانەوەیەک لە خوا) و میرزا عەبدوڵلای بەهەست و پاکرەوشت لەو ماڵە پچووکەدا خەملی. ئەو ماڵە پیرۆزە، یەکەم قوتابخانەی ژینی چوار زارۆک بوو کە بە تریفەی ئەوین تەنرا بوو.
وەفای شاعیر لە خەیالخانەی خۆیدا لەگەڵ پەپوولە و پەرەسێلکە،کیژە بۆکانی، گلۆک و کانیاوان ژیا تا باری گرانی ژین، پشتی چەماند و ناچارما جیهانی هورم ، رەنگ و تیشک بەجێبێڵێ. بەڵێ ناچاربوو لە جیهانی پەپوولە و پەرەسێلکە، تریفە، بۆنی یاسەمەن و باران روو وەرگێرێ و نابەڵەد و ناشارەزا لە خوارەکەو پێچەکە و گەڕ و فێڵی شەڕی بێبرانەوەی شەڕگەی بازرگانان بخزی. لەو شەڕگەیەدا بۆ وەفا جێیەک بۆ پاراوکردنی گوڵەگەنم و هەڵمژنی بۆنی مێخەک و بیستنی قاسپەی کەو و بەسەرهاتی زین و مەم نەبوو. لەو مەیدانەدا تا چاو هەتەر دەکا تەلبەند و قەڵغان و شمشیر و کەلاکی تازەی شەڕکەرانی پەککەوتە و ماندووی وڕێنەکەری تێشکاوی روو لە رۆژاوایە کە ونەوز –دەدەن، مچووڕک لە لەشیاندا هەڵکورماوە و بۆ برووکە هێز و هەستانێکی دیکە دەکرووزێنەوە. پەپولە و پەرەسێلکە مەگەر لەتاریکایی شەودا بە ئاسمانی ئەو مەیدانەدابفڕن. ئێرە جێی وەفا نەبوو. هەموو رۆژێ لێرە کارەسات نوێ دەبێتەوە. وەفاش وەکوو هەموو دەست و دڵ پاکان لەو شەڕگەیەدا نەتوانای شەڕی بوو نەزمانی ئەو بازارەی دەزانی هەر بۆیە تێشکا. وەفا لێرە بیانی بوو. وڵاتی بیروهۆش و هەستی داگیرکرابوو. لێرە کولێرە شەکریی شێعرەکانی کڕیاری نەبوو. شێعرەکانی ئەو بە زمانێک نووسرابوون کە بازارچییەکان تێیۆنەدەگەیشتن. وەفا لەو گرتووخانەیەدا مایەوە و هەستی ناسک و خەیاڵی بەرزەفری لە ڕکەی سنگیداهەڵپرووکا . وەفالە ئاخرساڵەکانی ژینیدا وەکو خۆم بە ئازاری دڵی بە کوڵییەوە گرفتار بوو. لەهەموو ساڵەکانی دەربەدەری چاوەروانی گەرانەوەی وەفا بۆ جیهانی شێعرە تەر و ناسکەکانی و سکاڵای دڵ و گۆرانی دیمەنی ناڵەشکێنە و گومبەزی سەردار و ئاوی خورێنک و هەڵاڵە برایمەی شاخانی بووم. ئێستا گڕی شەمی وجودی بە بای پاییز دامرکاوە. بەڵام کێ دەڵێ لە سەرەبەهاردا نابێتە گوڵە گەزیزە و لە داوێنی ناڵەشکێنە سەر هەڵناداتەوە یان لەگەڵ بۆنی گوڵی یاسەمەن و جریوەی چۆلەکە و گمەگمی کۆتری گوێسوانەکەی مامۆستاشێخ حەسەنی رەحمەتی و ئاوی خوڕێنکی حەوزەگەورە بەرەو ماڵە قورینەکەی سەردەمی منداڵیی ئەنوەر ناگەرێتەوە؟

حەسەن ئەیوب زادە

هولەند 27.11.2005

**********************